# ڕۆبنسن کرۆسۆ – ڕۆمان

## نوسینی دانێڵ دیفۆ



پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت -زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

هەولێر - ئاب 2022

# ڕۆبنسن کرۆسۆ – ڕۆمان

# نوسینی دانێڵ دیفۆ

پ.ی.د. مەحەمەد عەزیز سەعید لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

هەولێر - ئاب 2022

## ناوەڕۆک

بەشی یەکەم: یەکەم گەشتم

بەشی دووەم: چوون بۆ کەناری ئەفەریقیا

بەشی سێهەم: زریان و تێکشکانی کەشتی

بەشی چوارەم: ژیانێکی نوێ لە دوورگەیەکدا

بەشی پێنجەم: فێربوونی ژیانی تەنیایی

بەشی شەشەم: شوێن پێ

بەشی حەوتەم: هەینی پیاو

بەشی هەشتەم: هەڵاتن لە دوورگەکە

بەشی نۆیەم:ماڵەوەم لە ئینگلتەرا

## بەشی یەکەم: یەکەم گەشتم

پێش ئەوەی چیرۆکەکەم دەست پێبکەم ، حەزدەکەم هەندێك باسی خۆمتان بۆ بکەم. من لە ساڵی 1632 لە شاری یۆرك لە باکووری ئینگلتەرا لە دایك بووم. باوکم ئەڵمان بوو ، بازرگان بوو، بۆ ژیان و کارکردن هاتبووە ئینگلتەرا. دوای ماوەیەکی کەم دایکمی خواستبوو. دایکم ئینگلیز بوو. نازناوی دایکم ڕۆبنسن بوو ، کە لەدایکبووم ناویان لێنام ڕۆبنسن، نازناوی دایکمە.

باوکم لە کارەکانی سەرکەوتوو بوو، منی ناردبووە قوتابخانەیەکی باش. حەزی دەکرد ئیشبکەم، ژیانێکی بەختەور و هێمن بەسەر ببەم. بەڵام من ئەوەم نەدەویست. ئارەزووی ژیانی سەخت و سەرکێشی بووم. حەزم دەکرد ببم بە کەشتیەوان ( دەریاوان)، گەشتی ناو دەریاکان بکەم. بە دایکم و باوکم گوت. هەردووکیان بە ئارەزووەکەم دڵخۆش نەبوون.

باوکم گوتی …… کوڕم تکات لێدەکەم مەڕۆ . دڵخۆشنابیت. دەریاوانی ژیانی سەخت و مەترسیدارە. باوکمم زۆر خۆشدەویست و ئەویش بە بیرۆکەی دەریاوانیم دڵخۆشنەبوو، هەوڵمدا بیرۆکەی گەشتی دەریا لە بیرخۆم ببەمەوە.

نەمتوانی لە بیرخۆمی ببەمەوە، هەمیشە لە خەیاڵم بوو، دوای نزیکەی ساڵێك، لەشار هاوڕێیەکم بینی، باوکی کەشتی هەبوو. هاورێکەم گوتی سبەی بە کەشتی دەڕۆین بۆ لەندەن، بۆچی نایەی لەگەڵمان؟ بەمشێوەیە لە یەکی ئەیلولی 1651 چووم بۆشاری (هەڵ)، ڕۆژی دوایی بەکەشتیەکە ڕۆیشتین بۆ لەندەن. دوای چەند ڕوژێك لە گەشتەکەمان بایەکی زۆر بە هێز هەڵیکرد. دەریا زۆر ترسناك و هەوجان بوو، کەشتیەکە بەرز و نزم دەبووەوە. زۆر دەترسام، زۆر نەخۆشبووم.

گریام، "ئای، نامەوێ بمرم"." ئەمەوێ بژیم ! ئەگەر بژیم، دەگەڕێمەوە ماڵەوە، هەرگیز جارێکی تر ناچمەوە ناو دەریا !". ڕۆژی دوایی بایەکە نەما، دەریا هێمن بووەوە، جوان بوو. برادەرەکەم "بۆب" پێکەنی. ئێستا چۆنی؟ بایەکە زۆر خراپ نەبوو! گریام، ئەوە دەلێی چی ! باهۆزێکی تۆقێنەر بوو ! برادەرەکەم وەلآمی دامەوە"ئێی، ئەوە باهۆز نەبوو. تەنها بایەکی سووك بوو. لەبیرخۆتی ببەوە. وەرە پێکێك بخۆوە. دوای خواردنەوەی چەند پێکێك لەگەڵ برادەرەکەم هەستم کرد باشترم. ترسەکەم نەما، بڕیارم دا نەگەڕێمەوە ماڵەوە. نەمویست هاوڕێکانم و بنەماڵەکەم پێم پێبکەنن.

ماوەیەك لە لەندەن مامەوە، بەردەوام دەمویست بڕۆم بۆ ناو دەریا. کاتێك کاپتنی کەشتیەکە داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆم بو کینیا لە کیشوەری ئەفەریقیا، ڕازیبووم. بۆجاری دووەم چوومەوە ناو دەریا.

کەشتیەکی باش بوو، لە سەرەتادا هەموو شتێك بە باشی دەڕۆیشت، بەلاّم جارێکی تر نەخۆشبوومەوە . کەشتیەکی جەردەی توورك بە دوامانەوە بوو. دزی ئەو کاتی ناو دەریا بوون. شەرێکی قورس و درێژ ڕوویدا، کاتێك شەڕەکە تەواو بوو ، دەستیان بە سەر کەشتیەکە و ئێمەدا گرت، بەدیلیان گرتین و زیندانیان کردین.

کابتنە تورکەکە و پیاوەکانی بردیانین بۆ شاری "سالی" لە ولاّتی مەڕاکش. ویستیان وەکوو کۆیلە لە بازاڕ بمان فرۆشن. کابتنە تورکەکە بڕیاری دا من بهێڵێتەوە بۆ خۆی، لە گەڵ خۆیدا منی بردەوە ماڵەوە. گۆڕانێکی لە ناکاو و تۆقێنەر بەسەر ژیانمدا هات. بووم بە کۆیلە و کابتنی توورك گەورەمە.

## بەشی دووەم: چوون بۆ کەناری ئەفەریقیا

دوو ساڵی دوور و درێژ ژیانم وەکوو کۆیلە بەسەربرد. لە ناو ماڵ و لە ناو باغ ئیشم دەکرد، هەموو ڕۆژێك بیرم لە هەلاّتن دەکردەوە، بەلاّم هەرگیز نەدەگونجا، شەو و ڕۆژ بیرم لە هەلاّتن دەکردەوە.

گەورەکەم ئارەزووی ڕاوە ماسی بە بەلەم دەکرد، بەردەوام منی لەکەڵ خۆی دەبرد. پیاوێك بە ناوی (مۆڵی) لەگەڵ کوڕێکی گەنج لەگەڵماندا دەهاتن. ڕۆژێکیان گەورەکەم پێی گووتین ، هەندێ لە هاوڕێکانی دەیانەوێ سبەینێ بێن بۆ ڕاوەماسی. بەلەمەکە ئامادە بکەن !

بەلەمەکەمان ئامادەکرد، خواردن و خواردنەوەیەکی زۆرمان لە ناو دانا، سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی چاوەروانی گەورەکەم و هاوڕێکانیمان کرد. کاتێك گەورەکەم گەیشت، بەتەنیا بوو. پێی گووتم،" هاوڕێکانم نایانەوێ ئەمڕۆ بێن بۆ ڕاوەماسی." تۆ لەگەڵ مۆڵی و ئەو کوڕە بڕۆن بەشی خواردنی ئێوارەتان ماسی بگرن!

بەهێمنی وەلاّمم دایەوە گووتم بەڵێ گەورەم، بەلاّم لە ناخمدا زۆر بە جۆشبووم. بەخۆمم گووت لەوانەیە ئێستا بتوانم هەڵبێم. گەورەکەم گەڕایەوە لای هاوڕێکانی، ئێمەش بە بەلەمەکە ڕۆیشتین بۆ ناو دەریا. بۆچەند ساتێك بە هێمنی ڕاوەماسیمان کرد ، ئینجا چوومە پشت مۆڵی، پاڵم پێوەنا بۆ ناو ئاو. بەگریانەوە هاوارم لێکرد، مەلەبکە، مەلە بکە بۆکەناری ئاو.

گەورەکەم ئارەزووی ڕاوکردنی باڵندەکانی دەریای دەکرد، هەربۆیە چەند تفەنگێکی لەناو بەلەمەکە هەبوو. بەخێرایی تفەنگێکم هەلگرت. مۆڵی لەپشت بەلەمەکە مەلەوانی دەکرد، هاوارم لێکرد. بڕۆ بگەڕێوە بۆ کەناری دەریا، لەوێ مەلەوانی بکە - زۆر دوور نیە. من ئازارت نادەم. بەلاّم ئەگەر لە بەلەمەکە نزیك ببیەوە ، ئەوا گوللە لەسەرت دەدەم. مۆڵی گەڕایەوە، زۆر بە خێرایی بەمەلەوانی بەرە و کەنار ڕۆیشت.

کوڕەکە ناوی " خوری" بوو، پێم گووت ، من هاوڕێیەکی باشت دەبم، بەمەرجێك یارمەتیم بدەی. ئەگەر هاوکاریم نەکەی، ئەوا تۆش پاڵپێوەدەنێم بۆ ناو دەریا ! خوری دڵخۆشبوو بە هاوکاریکردنم. بەگریانەوە گووتی" من ئامادەم لەگەڵ تۆدا بچم بۆ هەموو جیهان".

ویستم بڕۆم بۆ "دوورگەکانی کەناری"، بەلاّم دەترسام لە کەناری دەریا دوور بکەومەوە. بەلەمەکە بچووك بوو. بۆ چەند ڕۆژێك بەرە و باشوور ڕۆیشتین. ئاومان زۆر کەم پێبوو. ولاّتێکی ترسناك، ئاژەڵی کێوی زۆر لێبوو. دەترساین، بەلاّم ناوە ناوە دەبوو بچینە کەناری دەریا بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە. تەقەیەکم لە ئاژەڵێکی کێوی کرد، نەمزانی چیبوو. گۆشتەکەی خواردنێکی خۆشبوو.

نزیکەی دە تا وەکوو دوازدە ڕۆژ بەرەو باشوور ڕۆیشتین. سەربەرەو خواری کەنارەکانی کیشوەری ئەفەریقیا شۆرش بووینەوە. ڕۆژێکیان هەندێ خەڵکی نامۆمان بینی، خەڵکی کێوی، تووڕە و گرژ بوون.

خواردنمان زۆر کەم پێبوو، پێویستیمان بە یارمەتی ڕاستەقینە بوو. دەترساین، بەڵام ناچاربووین بڕۆین بۆ کەناری دەریا. لەسەرەتادا ئەوانیش لە ئێمە دەترسان، لەوانەیە هیچ مرۆڤێك پێی نەنابێتە ئەم کەنارە دەریایە. زمانی ئەوانمان نەدەزانی، هەربۆیە دەستمان و دەمووچاومان بەکاردەهێنا تاوەکوو پێیان بڵێین برسیمانە.

خواردنیان بۆهێناین، بەپەلە کشانەوە دواوە. خواردنەکانمان بۆ ناوبەلەمەکەمان هەڵگرت و تەماشایان دەکردین. هەوڵمدا سووپاسیان بکەم، بەڵام هیچم پێنەبوو لەبەرامبەر بیان دەمێ. دوو پشیلە کێوی گەورە لەشاخەکانەوە هاتنە خوارەوە بۆ کەناری دەریا. وا بزانم پڵنگ بوون. خەڵك لەمجۆرە پشیلە کێویانە دەترسن، ئافرەتانیش دەقیژێنن. بەپەلە تفەنگەکەم هەڵگرت، تەقەم لە یەکێکیان کرد. ئەوی تریان ڕای کردە ناو شاخەکان.

تفەنگ شتێکی تازەبوو بۆ خەڵکی ئەفەریقیا، لە دەنگ و دووکەڵەکەی دەترسان. بەڵام دڵخۆشبوون بە بینینی پڵینگە مردووەکە. گۆشتی پڵنگە مردووەکەم دانێ و ئەوانیش لەبەرامبەردا ئاو و خواردنیان داینێ. ئێستا ئاو و خواردنی زۆرمان پێیە. بەردەوامبووین لە ڕۆیشتن. دوای یازدە ڕۆژ گەیشتینە دوورگەکانی "کەیپ ڤێردی". دوورگەکانمان دەبینی، بەڵام نەماندەتوانی بچین چوونکە بای نەدەهات، چاوەڕوانیمان کرد. لەناکاو خوری بانگی لێکردم، تەماشاکە، کەشتی ! ڕاستی کرد ! بانگمان لێکردن، هاوارمان لێکردن، بە هەموو توانایەکمان بەلەمەکەمان پاڵپێوەدەنا.

دەریاوانەکان ئێمەیان نەبینی. تفنگەکەم بیرکەوتەوە کە لەکاتی تەقاندن دووکەڵێکی زۆر دەکا. دوای چەندخولەکێك ، کەشتیەوانەکان ئێمەیان دیت و گەڕانەوە. چوینە ناو کەشتیەکە. کاپتنە پرتوگالیەکە گوێی بۆ بەسەرهاتەکەمان گرت. کابتن بەرەو بەرازیل دەڕۆیشت. ڕازیبوو یارمەتیم بدات، داوای هیچی لێنەکردم بەرامبەر یارمەتیەکەی. ویستم پارەی بدەمێ، وەرینەگرت. گووتی لەوانەیە ڕۆژێك منیش پێویستیم بەیارمەتی بێت، یەکێك یارمەتیم بدات.

پارەی بەلەمەکەی دامێ. خوری وەکوو کۆیلە لێیکڕیم. نەمدەویست خوری وەکوو کۆیلە بفرۆشم. دوای ئەو هەموو مەترسیانە و سەرکێشیانەی بەیەکە دیتمان. بەڵام خوری دڵخۆشبوو کابتن ببێت بە خاوەنی. کابتن پیاوێکی باشبوو. گووتی" دوای دەساڵ خوری ئازاد دەکەم".

**دوای سێ هەفتە گەیشتینە بەرازیل، ماڵئاواییم لە کاپتن و خوری کرد، کەشتیەکەم بەجێهێشت. ڕۆیشتم، دەستم کرد بە ژیانێکی نوێ.**

## بەشی سێهەم: زریان و تێکشکانی کەشتی

چەند ساڵێك لە بەرازیل مامەوە، ئیشی باشم دەکرد، دەوڵەمەند بووم.... بیزار بووم. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم هات بۆلام، گوتی، دەڕۆین بۆ ئەفەریقیا بۆ ئیش کردن، بۆچی نایەی لەگەڵمان ؟ دوای ئەم گەشتە هەمووومان دەوڵەمەند دەبین. زۆر گەمژەبووم ! لە بەرازیل ژیانێکی ئاسایی و ئاسوودەم هەبوو. ڕازیبووم. لە ساڵی 1659 جارێکی تر چوومەوە ناو دەریا. لەسەرەتادا هەموو کارەکان بەباشی دەڕۆیشت، زریانێکی تۆقێنەر سەریهەڵدا. سێ پیاومان کەوتنە ناو دەریا و لەدەستماندان. کەشتیەکە لەچەندلایەکەوە کون بوو.

بەخۆمم گوت، ئەمجارە هەمووومان دەمرین. سەرلەبەیانی ڕۆژێك، یەکێك لە پیاوەکان زەوی بینی، هەر لەم ساتەدا ژێری کەشتیەکە بەر زەوی ژێر ئاوەکە کەوت. کەشتیەکە توانای جوڵانی نەما و کەوتینە مەترسییەوە. دەریا هەوڵی تێکشکاندن و پارچە پارچەکردنی کەشتیەکەمانی دەدا. کاتمان نەبوو، بەپەلە بەلەمێکیان داگرت، لە کەشتیەکە دابەزین. دەریا لە هەوجاندا بوو، بەلەمەکەمان توانای بەرگریکردنی نەبوو.

دوای نیوکاتژمێر، دەریای توورە بەلەمەکەمانی هەڵگێڕایەوە، کەوتینە ناو ئاو. تەماشای دەورو پشتم کرد، کەسم نەبینی. تەنیا بووم. ئەو ڕۆژە، بەختم هەبوو، دەریا بەرەو کەنار پاڵی پێوەنام. زەویم نەدەدی ، لە هەر چوار لاوە چیای ئاو بوو. لەناکاو لە ژێر پێمدا هەستم بەزەوی ژێر دەریا کرد، .شەپۆلێکی تری چیای ئاو هات و بەرەو کەنار پاڵی پێوەنام، کەوتمە سەر لی تەڕ.

لەسەرەتا سوپاسی خودام کرد کە هێشتا زیندووم. وردە وردە هەستامە سەر پێ، زیاتر بەرەو کەنار ڕۆیشتم، لەوێوە تەماشای دەریام کرد . کەشتیەکەم لێوە دیار بوو، تێکشکابوو ، لە نزیکیەوە کەسی لێنەبوو. کەس لە ئاوەکەشدا نەبوو، هەموو هاوڕێکانم خنکابوون. من زیندوو بووم ، بەڵام لە وڵاتێکی کێوی، ئاو و خواردن و تفەنگم نەبوو. تاریك داهات، زۆر هیلاك بووم ، دەترسام لە کەناری دەریا بخەوم. لەوانەیە ئاژەڵی کێوی لێبێ . چوومە سەردارێك، بەدرێژایی شەو لەسەر دارەکە مامەوە .

## بەشی چوارەم: ژیانێکی نوێ لە دوورگەیەکدا

ڕۆژ هەلآت، دەریا هێور ببوەوە. تەماشای کەشتیەکەم کرد، لە شوێنی خۆی مابوو. بەخۆمم گووت، دەتوانم بە مەلەوانی بچمەوە ناو کەشتیەکە. بەرەو کەناری دەریا ڕۆیشتمە خوارەوە ، پاش ماوەیەکی کەم لەناو کەشتیەکە بووم ، بەدەورەیدا مەلەوانیم کرد. بەلآم چۆن چوومە ناو کەشتیەکە، کوونێکم لەلایەکی کەشتیەکە دۆزیەوە، پێیدا چوومە ناوەوە، ئاسان نەبوو.

کەشتیەکە پڕ لەئاو بوو بوو. خاکی ژێر دەریا کەشتیەکەی ڕاگرتبوو. پێشەوەی کەشتیەکە نقووم بوو بوو، دواوەی کەشتیەکە بەرز بوو بووەوە. زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە هەموو خواردنەکە لەلای دواوەی کەشتیەکە دانرابوو. زۆر برسیبووم ، دەستم کرد بە خواردن. بڕیارمدا هەندێ خواردن لەگەڵ خۆم ببەم، بەلآم چۆن هەڵیگرم؟ چۆن بیبەم؟

تەماشای دەورو پشتی کەشتیەکەم کرد، دوای چەند خولەکێك، پارچە تەختەیەکم بەدیکرد. ئەوەی پێویستم بوو بە پەتێك لە تەختەکەم بەست. یەخدانێکی گەورەی پڕ خواردن- برنج، گۆشتی خوێکراو، نانی ڕەقی کەشتی و چەقۆی بەهێزی تیژ و چەند ئامێرێکی تر.

پەت و چارۆکەی کەشتی، کاغەز، قەڵەم، پەرتووك، حەوت تفەنگ. ئامادەبووم. لەسەرەخۆ بەوریاییەوە گەڕامەوە کەناری دەریا. زۆر سەخت بوو پارێزگاری شتەکانم بکەم لە تەختەکە بەرنەبنەوە. لە کۆتاییدا گەیشتمە کەنار. پێویستیم بە شوێنێك بوو شتەکانی تێدا بپارێزم. هەندێ گرد و تەپۆلکە لە دەورووپشتم هەبوو، بڕیارمدا لەسەر یەکێك لەو گردانە خانوویەکی بچووك دروستبکەم. چوومە سەر بەرزترین گرد، لەوێوە تەماشای خوارەوەم کرد.

هیچ دڵخۆشنەبووم، زانیم من لە ناو دوورگەیەکم. دوو دوورگەی بچووك لەدووری چەند کیلۆمەترێك دیار بوو. لەدوای دوورگەکان، کیلۆمەتر لەدوای کیلۆمەتر، تەنها دەریا و هیچی تر نا. دوای ماوەیەك لە لایەکی گردەکە، ئەشکەوتێکم دۆزیەوە، پێشی ئەشکەوتەکە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ دروستکردنی ماڵ. بە پەت و چارۆکەی کەشتیەکە و هەندێ پارچە تەختە، بە کارێکی سەخت ، ڕەشماڵێکی بچووکم دروستکرد.

ئەشکەوتەکەی پشت ماڵەکەم، شوێنێکی زۆر باشبوو بۆ پاراستنی خواردنەکەم، ناوم لێنا "ناندن". ئەو شەوە لەماڵەکەم خەوتم. ڕۆژی دوایی بیرم لەمەترسیەکانی ناو دوورگەکە کردەوە. ئایا ئاژەڵی کێوی یان مرۆڤی کێوی لەسەر ئەم دوورگەیە هەیە؟ نەمدەزانی، زۆر دەترسام. بڕیارمدا شوورەیەکی

**بەهێز بەدەوری ماڵەکەمدا دروستبکەم. هەندێ دارم بڕی، بەدەورەی ڕەشماڵەکەمدا شوورەیەکی بەهێزم پێ دروستکردن.**

**هەندێ لەو پەتانەی کە لە کەشتیەکەوە هێنابووم بەکارم هێنا بۆ دروستکردنی شوورەکە. لە کۆتاییدا شوورەیەکی بەهێز وەك بەرد، کەس نەتوانێ تێپەڕ ببێتە ناوەوەی یان بەدەوریدا بڕوات. دروستکردنی شوورەیەك کارێکی قورسە، پێویستیم بە گەلێ شت بوو. بڕیارمدا جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو کەشتیەکە بۆ هێنانی پێداویستیەکان.**

**دوازدە جار هاتووچۆی کەشتیەکەم کرد. لە دوازدەهەم جارمدا ، زریانێکی ترسناك هەڵیکرد. بەیانی ڕۆژی دوایی تەماشای دەریام کرد کەشتیەکە نەمابوو. زۆر نیگەران بووم. لەخۆمم پرسی"بۆچی من لەژیاندا ماووم، بۆچی هاوڕێکانم مردن؟". بەتەنیایی لەسەر ئەم دوورگەیە چیم بەسەردێ، بەبێ هاوڕێ؟ چۆن دەتوانم دەربازبم؟**

**بەخۆمم دەگوت، من بە بەختم، بەبەختم کە لە ژیاندا ماووم، بەبەختم کە خواردن و ئامێرەکانم هەیە. گەنج بوون، بە هێزی جەستە بەختە. دەمزانی کە دوورگەکەم، شوێنێکە لە ئەمەریکای باشوور. بەخۆمم گوت، کەشتیەکان نایەن بۆ کەناری ئەم دوورگەیە.  ماوەیەکی زۆر لەم دوورگەیە دەمێنمەوە ! لەسەر تەختەیەك نووسیم: من لە سی ئەیلولی ساڵی 1659 هاتمە ئەم دوورگەیە. دوای ئەوە بڕیارمدا هەموو ڕۆژێك شتێك لەسەر تەختەیەك بنووسم.**

## بەشی پێنجەم: فێربوونی ژیانی تەنیایی

زۆر شتم پێویست بوو. "گوتم، من دروستیان دەکەم". هەموو ڕۆژێك كارم دەكرد.  یەكەم شت ویستم ئەشكەوتەكەم گەورە بكەم. بەردم لە ئەشكەوتەكە وەدەردەنا، دوای چەند ڕۆژێكی كاری سەخت، ئەشكەوتێكی گەورەم لە قەدپاڵی گردەكە دروستكرد.

پێویستیم بە كورسیەك و مێزێك بوو، ئەوە ئیشی داهاتووم بوو. دەبوو كاتێكی زۆر ئیشی لەسەر بكەم. ویستم شوێنێكم هەبێ بۆ دانانی خواردن و ئامێرەكان و تفەنگەكانم.  هەركە پێویستیم بە پارچە تەختەیەك ببوایە دەبوو دارێك ببڕمەوە. ئەوەش كاتێكی زۆر و لەسەرەخۆی دەویست ، بە زەحمەتبوو. . لەمانگی داهاتوو فێربووم  و زانیم كە دەبێ لەگەڵ ئامێرەكانم ژیر بم. پەلەكردن پێویست نەبوو، هەموو كاتی جیهانم لەبەر دەستدابوو.

هەموو ڕۆژێك دەڕۆیشتمە دەرەوە، دەگەڕام. بەردەوام تفەنگم پێبوو . هەندێ جاریش ئاژەڵێكی كێویم دەكوشت و  گۆشتم وەدەست دەهێنا بۆ خواردن. كە تاریك دادەهات، دەبوو بچمە ناو جێگاكەم، چونكە ڕووناكیم نەبوو. نەمدەتوانی بنووسم و بخوێنمەوە، بەشەو هیچم نەدەبینی. بۆ ماوەیەكی زۆر نەمدەزانی چی بكەم. لە كۆتاییدا فێربووم چەوری ئاژەڵە مردووەكان بەكاربهێنم بۆ وەدەست هێنانی ڕووناكی.

كەشوهەوای سەر دوورگەكە زۆر گەرم بوو، هەندێ جاریش بارانی زۆری بەخوڕ دەباری و باهۆز هەڵی دەكرد. مانگی حوزەیران  سەرتا سەر باران بوو. زۆربەی كات نەمدەتوانی بچمە دەرەوە. بۆ چەند هەفتەیەك نەخۆشكەوتم، وردە وردە چاكبوومەوە. كاتێك بەهێز بوومەوە دەستم كردەوە بە چوونەدەرەوە. یەكەم ئیش ئاژەڵە كێویەكم كوشت، دواییش كیسەڵێكی گەورەم دەستكەوت.

دەمانگ بوو لە دوورگەكە بووم، هێشتا بەشەكانی تری دوورگەكەم نەبینیبوو. لەم دەمانگەدا ئیشی قورسم كرد لەسەر فراوانكردنی ئەشكەوتەكە و ماڵەكەم و شوورەكەی. ئینجا ئامادەبووم بەشەكانی تری دوورگەكە ببینم. سەرەتا بەكەناری ڕووبارێكی بچوكدا ڕۆیشتم. تووشی دەشتاییەك بووم هیچ دارو درەختی لێنەڕوا بوو. دوای دەشتاییەكە ، دار و درەخت و میوەجات بەدەركەوتن. بریارمدا میوەیەكی زۆر كۆبكەمەوە و لەبەر خۆر وشكیان بكەمەوە و هەڵیبگرم بۆ چەند مانێك بەشم بكا.

ئەو شەوە بۆ دووەمجار لەسەر دارێك خەوتم. ڕۆژی دوایی لە گەشتەكەم بەردەوامبووم. گەشیتمە كراوەیەكی گردەكە. هەمووشتێك لەبەر چاوم سەوز بوو، گوڵستان لە هەموو لایەكەوە، باڵندە و ئاژەڵی زۆر لەو ناوە هەبوو. لەوێوە ماڵەكەمم بەدی دەكرد، لە خراپترین شوێنی دوورگەكە دروستم

کردبوو. سێ ڕۆژ مامەوە، ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە. زۆر جاریش دەچوومە ناوچە سەوزەکانی لاکەی تری دوورگەکە.

بەمجۆرە، ژیانم بەردەوام بوو. هەموو مانگێك فێری دروستکردنی شتێکی تازە دەبووم. تووشی بەسەرهات و کێشەش دەبووم. جارێکیان باهۆز و بارانێکی قورس دەستیپێکرد. بنمیچی ئەشکەوتەکەم داڕما, هێندەی نەمابوو بمکووژێ ! ناچاربووم بەپارچەتەختەی زۆر دروستیبکەمەوە.

خواردنم زۆر بوو، لەسەر ئاگر ئامادەم دەکرد و هەندێ جاریش لەبەر هەتاو وشکم دەکردەوە. هەربۆیە لەو مانگانەی باران دەباری ، نەمدەتوانی بە تفەنگەکە بچمە دەرەوە، بەردەوام گۆشتم هەبوو. فێری قاپ و قاچاخ دروستکردن بووم، خواردنیان تێدا بپارێزم. هەوڵمدەدا قاپێکی بەهێز و توند دروستبکەم، لەسەر ئاگر نەشکێ. زۆر هەوڵمدا، لەسەرەتادا سەرکەوتوو نەبووم.

ڕۆژێکیان بەختم هەبوو، هەندێ قاپم دروستکرد و خستمنە ناو ئاگرێکی بە هێز. ڕەنگی قاپەکان گۆڕا، بەلاّم نەشکان. چەند کاتژمێرێك بەجێم هێشتن ، کاتێك ساردبوونەوە، بەهێز و ڕەق بوون. ئەو شەوە زوڕ دڵخۆشبووم. لەسەر ئەو دوورگەیە ئاوی گەرمم هەبوو. نانم هەبوو، ئەوەش بەختە. ڕۆژێکیان یەخدانێکی بچووکم دۆزیەوە، لەسەر کەشتیەکە هەڵمانگرتبوو. خواردنی مریشکەکانمان تێدا دەپاراست. هەندێ خواردنی مریشکەکانی تێدا مابوو. هەندێکم فڕێدایە سەرزەوی. دوای یەك مانگ هەندێ شتی سەوزی بریقەدارم دیت. دوای شەش مانگ بوو بە کێڵکەیەکی بچووکی گەنمەشامی.

زۆر دڵخۆشبووم. ئێستا دەتوانم نانی خۆم بکەم. ئاسان بوو بڵێی نانی خۆم بکەم، بەلاّم سەخت بوو. دروستکردنی نان لە گەنمەشامی ئەرکێکی زۆری دەوێ. خەڵکانێکی زۆر نان دەخۆن بەلاّم ئایا چەند کەس دەتوانێ لەگەنمەشامی بە بێ یارمەتی، نان دروستبکات ؟ بۆ گەلێ شت پێویستیم بە فێربوون بوو، دوای ساڵێك توانیم نانی خۆم ببرژێنم و بیخۆم.

ئەو هەموو سات و ساڵانە هەرگیز بیرۆکەی هەلاّتن لەم دوورگەیە خەیاڵمی بەجێ نەدەهێشت . کاتێك گەشتم دەکرد بۆ بەشەکانی دوورگەکە، لە دوورەوە هەندێ دوورگەی تریشم دەبینی، بەخۆمم دەگووت، لەوانەیە بە بەلەم بتوانم بڕۆم بۆ ئەو دوورگانە. لەوانەیە ڕۆژێك بێت بتوانم بگەڕێمەوە ئینگەلتەرا.

بڕیارمدا بەلەمێك دروستبکەم. دارێکی گەورەم بڕی، دەستمکرد بە هەڵکۆڵینی دارەکە. کارێکی سەخت و گران بوو. دوای شەش مانگ بەلەمێکی خنجیلانەم دروستکرد. دەبێ بیبەمە خوارەوە بۆ ناو ڕووبارەکە، بەڕاستی گەمژەبووم.

بۆچی بیرم نەکردەوە پێش ئەوەی بەلەمەکە دروستبکەم؟ بەلەمەکە زۆر قورسبوو، نەمتوانی بیجولێنم ! ڕامکێشاو پاڵم پێوەنا ، هەموو هەوڵێکم دا، لەجێی خۆی نەجوولا. بۆ ماوەیەکی زۆر دڵنیگەرانبووم. کاتێك ئەمەم بەسەرهات چوار ساڵبوو لە دوورگەکە بووم. ساڵی شەشەم بەلەمێکی بچوکم دروستکرد، هەوڵم نەدا لە دوورگەکە پێی دەربازبم. بەلەمەکە زۆر بچووك بوو شیاوی گەشتی دوور نەبوو، نەمدەویست لە دەریادا بمرم.

ئێستا دوورگەکە بووەتە ماڵم، بەندیخانە نیە، دڵخۆشبووم کە لە ژیاندا ماووم. دوای یەك دوو ساڵ لە لاکەی تری دوورگەکە بەلەمێکی ترم دروستکرد. وە ماڵی دووەمم لەوێ دروستکرد. ئێستا دوو ماڵم هەیە. لە بەیانیەوە تاوەکوو شەو ژیانم سەرقاڵبوو. هەردەم شتێك هەبوو بیکەم. فێربووم جل و بەرگ لە پێستی ئاژەڵە مردووەکان دروستبکەم.

جلەکان زۆر نامۆ بوون، بەڵام لەباران دەیانپاراستم . خواردن و ئامێرەکان و بزنەکێویەکانم لە هەردوو مەڵەکەمدا دەپاراست. بزنێکی زۆر لەدوورگەکە هەبوو. کێڵگەی باشم هەبوو، شوورەی بەرزم بەدەورەیاندا دروستکرد بۆ ئەوەی بزنەکان بپارێزم. بزنەکان فێر بوون خواردنم لێوەربگرن، هەموو ڕۆژێك شیرم هەبوو بیخۆمەوە. لە کێڵگەی گەنمەشامیەکەش ئیشی باشم دەکرد. ساڵ لەدوای ساڵ تێپەڕ دەبوو، هەستم پێنەدەکرد.

## بەشی شەشەم: شوێن پێ

ساڵێکیان ، شتێکی نامۆ و ترسناك ڕوویدا. زۆر جار لەکەناری دەریا پیاسەم دەکرد، ڕۆژێکیان شتێکم لە سەر لی کەنار دەریا بەدیکرد. لێی نزیکبوومەوە، بە وردی تەماشامکرد، وەك سورپڕایزێك لەناکاو وەستام. شوێن پێبوو- شوێن پێی پیاوێك ! دەبێ کێ بێ؟ دەترسام، تەماشای دەوروپشتم کرد، گوێم گرت، چاوەڕوانیم کرد. هیچ نەبوو. وردە وردە ترسم زیادی دەکرد، زیاتر دەترسام. لەوانەیە یەکێك لەو پیاوە کێویانە بێ کە پیاوەکانی تری کووشتووە و خواردوونی. بە هەموو لایەکدا ڕوانیم، کەسی لێنەبوو، هیچ شوێنپێی تری لێنەبوو. بەخومم گووت، یەکێك لەسەر ئەم دوورگەیەیە. لەوانەیە بم ناسێ ، لەوانەیە ئێستا لەپشت دارێکەوە تەماشام دەکا. لەوانەیە بیەوێ بمکووژێ.

ئەوشەوە نەنوستم. ڕۆژی دوایی تفەنگەکانم ئامادەبوون، تەختەو داری زیاترم لە دەورو پشتی خانووەکەم دانا. ئێستا کەس نامبینێ . دوای پازدە ساڵ تەنیایی لەسەر ئەم دوورگەیە، دەترسام، سێ ڕۆژ ئەشمەوتەکەم بەجێنەهێشت.

لەکۆتاییدا، بۆ بزن دۆشین دەبوو بچمە دەرەوە. ماوەی دوو ساڵ هەردەترسام. لەنزیك ماڵەکەم مامەوە، دوور نەکەوتمەوە. بۆ ئەوەی هیچ دەنگێك دروست نەبێ، تفەنگەکانم بەکار نەدەهێنا. شوێن پێیەکەم لە بیر نەدەچووەوە، وردە وردە هەستم بەدڵخۆشی دەکرد.

ساڵی دوایی ، ڕۆژێکیان، لە لای ڕۆژئاوای دوورگەکە بووم، لەوێوە دوورگەگەکانی ترم دەبینی، لە وێوە لە قووڵایی دەریا بەلەمم دەبینی. ئەگەر بەلەمت هەبێ، بیرمکردەوە، ئەگەر بەلەم هەبێ، ئاساییە بپەڕیەوە. لەوانەیە ئەوە تەفسیری شوێن پێیەکە بێ- کەسێك لە یەکێك لەم دوورگانە بەسەردان هاتبێ. بەسەربەستانە دەستم کرد بە سوڕان بە دەورەی دوورگەکەدا، خانووی سێهەم دروست بکەم. ئەشکەوتەکە شوێنێکی زۆر نهێنی بوو. بەخۆمم گووت" هیچ پیاوی کێوی نایدۆزێتەوە".

ساڵێکیان شتێك ڕوویدا، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. دووبارە لەلای ڕۆژئاوای دوورگەکە بووم، لە کەناری دەریا پیاسەم دەکرد. شتێکم بینی، نەخۆشی کردم. چەند کەللە سەرێك ، قۆڵ، پێ، گەلێ پارچەی لەشی مرۆڤ، لە هەموولایەکەوە کەوتبوو. بۆساتێك نەمتوانی بیربکەمەوە، دوایی تێگەیشتم. هەندێ جار شەڕ لەنێوان پیاوە کێوییەکانی دوورگەکانی دەورو بەر ڕوودەدا. لەگەڵ دیلەکان هاتوونەتە ئێرە، بیانکووژن، بیانکەن بە شیوو و بیانخۆن. لەسەرەخۆ ڕۆیشتمە ماڵەوە، زۆر تووڕە بووم، چۆن پیاو دەبێ کاری وا بکات.

**بۆ چەند مانگێك، چاودێری دوکەڵی ئاگرم دەکرد، بەڵام هیچم نەبینی. هەر چۆنێك بێ پیاوە کێوییەکان هاتوون و ڕۆیشتوون هەرگیز نەمبینین. تووڕەبووم، دەترسام. دەمویست هەموویان بکووژم، ئەوان زۆر بوون، من تەنیا بووم. بەخۆمم گووت "لەوانەیە دوو یان سێیان بکووژم"، "بەڵام دوایی ئەوان دەمکووژن و پارچە پارچەم دەکەن".**

## بەشی حەوتەم: هەینی پیاو

بۆ ماوەی دووساڵ بەبێ تفەنگ نەچووم بۆ هیچ شوێنێك.  هەستم بە تەنیایی دەکرد، دەترسام، شەوانێکی زۆر خەو لە چاوم دەزڕا. شەوێك زریانێکی خراپ هەڵیکرد. وەکوو بڵێی لە ناو دەریا گوێبیستی تەقەی تفەنگ بووم. بەیانی ڕۆژی دوایی، تەماشای دەریامکرد، کەشتیەکم بینی. لەسەر لایەك کەوتبوو، لە کەنارەوە دوور نەبوو. بە پەلە سواری بەلەمەکەم بووم،  ڕووەو کەشتیەکە ڕۆیشتم. لاشەی دوو پیاوی مردوو لەسەر کەشتیەکە کەوتبوو، دەریاوانەکانی تر لە دەریادا ونبووبوون.

هەندێ جل و بەرگ و ئامێر و سەندوقێك زێڕی ئیسپانی و پارەی زیووییم هەڵگرت . ئێستا دەوڵەمەندم، بەڵام پارە چیدەکات بۆمن؟ چی هەیە بیکڕم؟ خەڵکم دەویست، هاوڕێم دەویست، کەسێکم دەویست قسەی لەگەڵ بکەم.......کەسێکم دەویست یارمەتیم بدات لەم دوورگەیە دەرباز بم.

بەیانیەکیان ، لە خەو هەستام، پلانێکم دانا.

بەخۆمم گووت" هەوڵبدەم  یەکێك لە دیلەکانی پیاوە کێوییەکان بگرم". " دڵخۆش دەبێت کە بژی و لەوانەیە یارمەتیم بدات لەم دوورگەیە دەربازبم". بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو چاودێریم کرد، هیچ بەلەمێك نەبوو. ئینجا ڕۆژێکیان، پێنج بەلەم هات. نزیکەی سی پیاو دەبوون، دوو دیلیان پێبوو. لەسەر خۆڵ ئاگریان کردەوە و بە دەورەیدا، هەڵپەڕین. یەکێك لە دیلەکەیان کووشت و گۆشتەکەیان برژاند. دیلی دووەم لەژێر دارەکان چاوەڕێی دەکرد، دوو پیاو چاودێریان دەکرد. لەناکاو دیلەکە ڕووی وەرگێرا و ڕایکرد. دوو پیاوەکە بە دوای کەوتن و ئەوانی تر لە دەورەی ئاگرەکە سەرقاڵبوون،  ئاگایان لێنەبوو، نەیانزانی چی ڕوویدا. دیلەکە وەکوو بزنە کێوی ڕایدەکرد، دیتم بەرەو قەدپاڵی گردەکەی من هات. زۆر بە خێرایی لە گردەکە هاتمە خوارەوە. بازمدایە ناو دارستانەکەی نێوان دیلەکە و دوو پیاوەکە.

بەقۆنداغی تفەنگەکەم لە پیاوی یەکەمم دا و تەقەم لە پیاوی دووەم کرد. دیلە هەژارەکە لە جێی خۆی نەجووڵا. لەتەقەی تفەنگەکەم ترسا. بانگم لێکرد، هەوڵمدا نیشانی بدەم کەمن هاوڕێم. لەسەرەخۆ هات،  لێم نزیکبووەوە.  لەو ساتەدا پیاوی یەکەم بە ئاگا هاتەوە،  هەستایە سەرپێ. دیلەکە قسەی کرد، لێی تێگەیشتم کە شیرەکەمی دەوێ. بە بیستنی چەند وشەیەك زۆر دڵخۆشبووم ! شیرەکەم دایێ، دەستبەجێ دووژمنەکەی سەربڕی.

بەپەلە لاشەی دووپیاوەکەمان لەژێر گەڵای دارەکاندا شاردەوە، ئەو ناوچەیەمان بەجێهێشت. دیلەکەم برد بۆ ئەشکەوتە نهێنیەکەم لە لاکەی تری دوورگەکە. خواردن و ئاوم دایە . خەوی لێکەوت. دیلەکە پیاوێکی گەنجی جوانبوو، تەمەنی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ دەبوو، باڵا بەرز و تووکمە(پڕ جەستە) بوو، دەموچاوی بە بەزەیی و زەردەخەنەی جوان. پێستی قاوەیی و قژی ڕەش و چاوی درەوشاوە و ددانی سپی بە هێز. بڕیارمدا ناوی لێبنێم "هەینی"، چوونکە کە یەکەمجار بینیم ڕۆژی هەینی بوو.

بەیانی کە لەخەو هەستا بە ڕاکردن هات بۆلام. من لە کێڵگە بووم، بزنەکانم دەدۆشی، کڕنووشی بۆ بردم و سەری هێنایە لای پێیەکانم. تێگەیشتم کە دەیەوێ سووپاسم بکات و هەوڵمدا تێی بگەیەنم کە من هاوڕێی ئەوم. دەستم کرد بە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، لەماوەیەکی کەمدا توانی ناوی خۆی بڵێ، "مامۆستا"، "بەڵێ"، "نەخێر". بیستنی دەنگی پیاوێکی تر بەڕاستی خۆشبوو.

دوای ئەو ڕۆژە چووین بۆ ماڵی یەکەمم. بە وریاییەوە لە کەناری دەریا دەڕۆیشتین، هیچ بەلەم و پیاوی کێوی لێنەبوو. تەنها خوێن و ئێسقان لە سەر لمەکە بوو. کە چووینە ماڵەکەم ، هەندێ پانتۆڵم دا بە هەینی، چاکەتێك و شەبقەیەکم بۆ دروستکرد. زۆر حەزی لە جل و بەرگە تازەکانی بوو. ڕەشماڵێکی بچووکم بۆ دروستکرد، تێیدا بخەوێ. بۆ چەند هەفتەیەك ، تفەنگەکەم لە ناو جێگاشدا هەر لە گەڵمبوو. لەوانەیە هەینی هێشتا هەر پیاوی کێوی بێ شەو هەوڵبدات بمکووژێ. لەسەرەتادا هەینی زۆر لە تفەنگەکەم دەترسا. هەندێ جار قسەی لەگەڵ تفەنگەکەم دەکرد، داوای لە تفنگەکەم دەکرد نەیکووژێ.

هەینی بە خێرایی فێر دەبوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئینگلیزیەکەی باشتر دەبوو. لە کێڵگەی گەنمە شامیەکان و دۆشینی بزنەکان یارمەتی دەدام. زوو بوین بە هاوڕێی باش. چێژم لە فێرکردنی هەینی دەبینی، بەهەرحاڵ، هاورێیەك هەبێ قسەی لەگەڵ بکەی. ئەمەش خۆشترین کاتی هەموو ساڵەکانی سەر دوورگەکە بوو.

من و هەینی بۆ ماوەی سێ ساڵ زۆر بەخۆشی بەیەکەوە ژیاین. چیرۆکی ژیانم و سەرکێشیم بۆ باس کرد و باسی ژیانی ئینگەلتەرام بۆ کرد. ئەویش باسی وڵاتەکەی و خەڵکەکەی بۆ کردم. ڕۆژێکیان لەسەر لووتکەی بەرزتین گردی دوورگەکە بوین، تەماشای دەریامانەکرد. ڕۆژێکی بێگەرد بوو، تا دووریەکی زۆر دەریا بەدی دەکرا. لە ناکاو زۆر بە جۆش و خرۆشەوە هەینی دەستی کرد بە هەڵپەزین.

گوتم "چیە؟" گەورەم"تەماشاکە" ، "تەماشاکە" ، هەینی بەگریانەوە" ، ولاتەکەم دەبینم".
تەماشاکە لەوێیە ! بەرە و باکووری ڕۆژئاوا تەماشامکرد، لەنێوان ئاسمان و دەریا، پارچە زەویەکی درێژ و تەنگ بەدی دەکرا. دوایی زانیم ئەو خاکە دوورگەی "ترینیدادە" و دوورگەکەی منیش لە دەروازەی ڕووباری " ئۆرنیوکۆ"یە و دەکەوێتە باکووری کەناری ئەمەریکای باشوور.
دەستم کرد بە بیرکردنەوەی شێوازی دەرباز بوونم لەم دوورگەیە. لەوانەیە هەینیش بیەوێ بگەڕێتەوە ماڵەوەی، لەوانەیە هەردووکمان بەیەکەوە بچین بۆ ولاتەکەی هەینی. بەلام دوای ئەوە چی ڕوودەدا؟ ئایا هەینی هەر برادەرایەتیم دەکا، یان ئایا گەلەکەی دەمکووژن و دەمخۆن؟
هەینیم برد بۆلاکەی تری دوورگەکە و بەلەمە گەورەکەم نیشاندا. لەژێر دارەکان بوو. کونی زۆری تێدا پەیدا بوو بوو. لە هەینیم پرسی، ئەم بەلەمە دەتوانێ بمان گەیەنەتە ولاتەکەت؟ گووتی" ئای، بەلێ" ئەم بەلەمە دەتوانێ خواردن و خواردنەوەی زۆر هەڵبگرێ. گووتم، بەلەمێکی تر وەکوو ئەوبەلەمە دروستدەکەین و تۆش دەتوانی بڕۆیتەوە ماڵەوە. هەینی زۆر بەنیگەرانیەوە تەماشای کردم، گوتی" بۆچی تۆ لێم تووڕەی؟" " بۆچی دەتەوێ بمنێریەوە ماڵەوە؟"
گوتم "وامزانی تۆ دوتەوێ بڕۆیتەوە ماڵەوە". " بەلێ، بەلام دەبێ تۆش لەگەڵمدا بێی. ئەگەر دەتەوێ ،بمکووژە، بەلام لەخۆتم دوور مەخەوە !". زانیم هەینی هاوڕێیەکی ڕاستەقینەیە، ڕازیبووم لە گەڵی بڕۆمە ولاتەکەی. دەستبەجێ کارمان لەسەر بەلەمەکە کرد. هەینی دارەکانی هەڵبژارد- لەمن باشتر دەیزانی چی جۆرە دارێك باشە و دارەکانمان بڕین. کارێکی زۆرمان کرد، لەماوەی مانگێکدا بەلەمەکە تەواو بوو. دوای دوو هەفتە بردمانە ناو دەریا. دەستمان بە خۆئامادەکردن کرد، بۆ ئەو گەشتە دوور و درێژە.

## بەشی هەشتەم: هەڵاتن لە دوورگەکە

ئێستا بیست و حەوت ساڵە لەسەر ئەم دوورگەیەم، نەمدەویست ساڵێکی تر لێرەبم. زۆر هەوڵماندا گەنمەشامییەکان ئامادەبکەین و نانێکی زۆری لێ دروستبکەین. میوەی وشککراو و گۆشتی خوێکراو . دەفرەی گەورەمان بۆ ئاو هەبوو. ئێوارەیەکیان ، هەینی ڕۆیشتە دەرەوە بۆگەڕان بە دوای کیسەڵدا بۆ مەبەستی گۆشتەکەی و هێلکەکانی. دوای کەمتر لە کاتژمێرێك ،گەڕایەوە، زۆر دەترسا.

" گەورەم"،"گەورەم" بە گریانەوە،"کەشتیەکی گەورە نزیك دوورگەکەمانە، پیاوان لێی دادەبەزن، بە بەلەم بەرەو دوورگەکەمان دێن". هەستامە سەرپێ، بەڕاکردن لە گەڵ هەینی ڕۆیشتینە خوارەوە بۆ کەنار ئاو. سورپڕایزێکی گەورە، کەشتیەکی ئینگلیزی گەورەم بینی ! بەڵام بۆچی لێرەیە؟ کەشتی ئینگلیزی هەرگیز لێرەوە تێناپەڕن. لەوانەیە جەردە بن ! بانگی هەینیم کرد، هەینی با نەتبینن. " لە ناو دارەکان خۆمان حەشاردا، چاودێریمانکرد".

پازدە پیاو لە ناو بەلەمەکە بوون، سیانیان دیل بوون. قۆڵیان بەسترابوو بەڵام لاقیان بەرەڵا بوو. دەیانتوانی بڕۆن. پیاوەکان بەرەو کەنار پاڵیان بە دیلەکانەوە دەنا، پێیان پێدەکەنین، لێیان دەدان، بەسەریاندا هاواریان دەکرد. هەندێکیان لەسەر خۆڵ دانیشتن و دەستیانکرد بە خواردنەوە. هەندێکیشیان دەگەڕان و تەماشای ئەم لاو ئەو لای دوورگەکەیان دەکرد. دوو پیاو لە ناو بەلەمەکە مانەوە، چاودێریان دەکرد. دیلەکان بە هێمنی دەگەڕان، لەکەنار ئاو لە ژێر دارێك دانیشتن، لێمان دوور نەبوون. زۆر نیگەران و خەمناك بوون.

زۆر بە هێمنی ، لە پشتیاتەوە هەستامە سەر پێ و لە ناو دارەکانە وە بە ئینگلیزی بانگم لێکردن. گوتم "مەترسن". " من ئینگلیزم، لەوانەیە بتوانم یارمەتیتان بدەم". هەر سێ دیلەکە ئاوڕیان دایەوە، تەماشایانکردم. لەسەرەتا وەڵامیان نەدامەوە. زۆر سورپڕایز بوو بۆیان. لەوانەیە بە بیریان داهاتبێ کەمن پیاوی کێویم، بەهۆی ئەو جل و بەرگانەی لەبەرمدا بوو کە لە پێستی ئاژەڵ لێرە دروستم کردبوون، قژ و ڕیشکی درێژ. بەتەمەنەکەیان قسەی کرد.

گوتی " من کاپتنی ئەو کەشتیەم"، ئەو دوو پیاوە ئەفسەری یەکەم و دووەمن. دوێنێ شەو یاخی بوون ڕوویدا، جەردەکانی دەریا کەشتیەکەیان لێ ستاندم. ئێستا هەرسێکمان لێرە بە جێدەهێڵن بۆ ئەوەی لەسەر ئەم دوورگەیە بمرین. گووتم " ئایا یاخی بووەکان تفەنگیان پێیە؟" ، وەڵامی دامەوە" تەنها دووانیان تفەنگیان پێیە" ، ئەوانیش لەسەر بەلەمەکەن.

گوتم "زۆر باشه"." لەگەڵیان دەجەنگین"، بەمەرجێك کە کەشتیەکەمان لێ ستاندنەوە، دەبێ لەگەڵ خۆتان بم بەنەوە بۆ ئینگەلتەرا. کاپتنەکە دەستبەجێ ڕازی بوو، زۆر بەگەرمی سووپاسی یارمەتیەکەمی کرد. هەینی بەڕاکردن گەڕایەوە ماڵەوە و هەموو تفەنگەکانی هێنا، و من و کاپتن پلانێکمان دانا.

بەشی یەکەمی پلانەکەمان زۆر ئاسان بوو، چوونکە ئەوان ئامادەی شەڕکردن نەبوون. هەردوو پیاوی سەر بەلەمەکەمان کوشت، کاپتن پیاوێکی تریشی کوشت. ئەو پیاوە ناوی "تۆم سمیس " بوو لە هەموویان خراپتر بوو ، یەکەم کەس بوو یاخی بوو بوو.

کاپتن قسەی لەگەڵ پێنج پیاوەکەی تردا کرد، ڕازی بوون هاوکاری بکەن. ئەوان نەیاندەویست یاخی ببن، بەڵام ناچار بوون چونکە لە تۆم سمیس دەترسان. بەکاپتنم گووت، ئێستا دەبێ کەشتیەکە وەدەست بهێنینەوە،. چەند پیاو لەسەر کەشتیەکەن ؟ کاپتن گووتی بیست و شەش، شەڕدەکەن چونکە نایانەوێ بگەڕێنەوە ماڵەوە. چوونکە لە ئینگەلتەرا، مردن چاوەڕێی یاخی بووان دەکا. بەڵام هەموویان خراپنین. "دڵنیام هەندێکیان یارمەتیم دەدەن".

بەلەمێکمان دی لە کەشتیەکەوە بەرەو کەنار دەهات. دە پیاوی چەکداری تێدا بوو. ڕامان کردە ناو دارەکان، چاوەڕێمان کرد.

شەڕێکی قورسمانکرد، بەڵام شەوداهات، تاریکداهات، ئەوەش یارمەتیداین. لە ناو دارەکان ڕامان دەکرد بۆ ئێرەو ئەوێ، بانگمان دەکرد و هاوارمان دەکرد. یاخی بووەکان ئێمەیان نەدەدیت، نەیندەزانی چەند کەسین شەڕ دەکەین. ئەفسەری یەکەم هاواری لێکردن. تفەنگەکانتان دانێن، شەڕمەکەن ! کاپتن پەنجا پیاوی شەڕکەری لەگەڵدایە. دەتوانین هەمووتان بکووژین.

یاخی بووەکان شەڕیان وەستاند و تفەنگەکانمان لێ وەرگرتن. سێیان ڕازیبوون بگەڕێنەوە لای کاپتن، ئەوانی ترمان لە ئەشکەوتەکەم زیندانی کردن. من و هەینی چاودێری دیلەکانمان دەکرد، کاپتن لە پێناوی کەشتیەکە گەڕایەوە بۆ شەڕکردن. بەدرێژایی شەو تەقەی تفەنگ و هاوار دەهات، بەڵام سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی کە خۆر هەڵات کاپتن ببووەوە بە سەرکردەی کەشتیەکەی. ڕۆیشتمە خوارەوە بو بینینی کاپتن. بەگریانەوە گووتی" هاوڕێی ئازیزم، ئەمە کەشتیەکەمانە". بەم کەشتیە بۆ کوێت دەوێ دەتبەم، دەتبەم بۆ کۆتایی جیهان ئەگەر ئارەزوو بکەی. باوەشم پێداکرد ، پێکەوە گریاین و پێکەنین. چەند دڵخۆشبووم کە ئەم دوورگەیە بە جێدەهێڵم !

هەینی هاوڕێم لە گەڵدا هات و یاخیبووەکانمان لەسەر دوورگەکە بەجێهێشت. بڕیارماندا نەیانکووژین، دەتوانن لەسەر ئەم دوورگەیە ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن. هەر سێ ماڵەکەم و کێڵگەی

گەنمە شامیەکان و بزنەکان  و هەموو ئامێرەکانم  نیشاندان. بۆ چەند ساڵێك ژیانیان خۆشدەبێت بە هۆی ئەو هەموو کارە سەختەی ساڵانێك ئەنجامم دابوو.

لە ڕۆژی نۆزدەی کانوونی یەکەم ساڵی 1686 دوای بیست و حەوت ساڵ و دوو مانگ و نۆزدە ڕۆژ ماڵئاواییم لە دوورگەکە کرد، گەڕامەوە ماڵەوەم لە ئینگەلتەرا.

## بەشی نۆیەم: ماڵەوەم لە ئینگلتەرا

کە گەڕامەوە ئینگلتەرا، لە وڵاتەکەی خۆم، وەکوو نامۆیەك هەستم دەکرد. زۆر شت گۆڕا بوو، هەموویان منیان نەدەناسیەوە. چووم بۆ شاری یۆرك ، دایکم و باوکم و دوو براکەم لە ژیاندا نەمابوون. دوو کوڕی یەکێك لە براکانم دۆزیەوە. زۆر دڵخۆشبوون بە بینینم و لە ژیاندا ماووم. منیش دڵخۆشبووم کە توانیم هەندێ لە بنەماڵەکەم بدۆزمەوە.

دوای چەند مانگێك بڕیارمدا بڕۆم بۆ لشبۆنە لە پڕتوگاڵ. هەندێ برادەرم هەبوو، لەوانەیە بتوانن یارمەتیم بدەن زەویەکەم لە بەرازیل بۆ بفرۆشن. پێویستیم بە پارە بوو. هەینی لەگەڵم هات. بەردەوام هاوڕێیەکی باش و ڕاستەقینەم بوو. لە لشبۆنە ، دوای ئەو هەموو ساڵانە، کاپتنە پڕتوگاڵیەکەم دۆزیەوە، ئەوی یەکەمجار منی برد بۆ بەرازیل.

بەبینینی دڵشاد بووم، زۆر یارمەتی دام لە ڕاپەڕاندنی کارەکانم. زوو ئامادەبووم، لە ڕێگای وشکانیەوە بگەڕێمەوە ماڵەوە. سەرکێشی و مەترسی دەریا بەسە بۆمن. بەڕاستی گەشتێکی سەخت و دوور و درێژ بوو. دەبوو چیاکانی نێوان ئیسپانیا و فەرەنسا بە زستان ببڕین ، بە فرێکی زۆری قووڵ باریبوو. هەینی هەژار زۆر لە بەفر دەترسا.

وڵاتەکەی هەینی بەردەوام گەرمبوو، حەزی لە زستانی سارد نەدەکرد.

گەڕاینەوە ئینگلتەرا، خانوویەکم دۆزیەوە، کڕیم، ژیانێکی هێمن و خۆشم دەستپێکرد. دوو برازاکەم هاتن لەگەڵم بژین. برازا گەنجەکەم ویستی ببێ بە دەریاوان ، منیش شوێنێکم لەسەر کەشتیەك بۆ دابینکرد. دوای ماوەیەك ژنم هێنا، سێ منداڵمان بوو، دوو کوڕ و یەك کچ. ژنەکەم مرد، برازاکەم ببو بە کاپتن، هات بۆ ماڵەوە بۆ لام بمبینێ. دەیزانی من حەز لە ژیانی هێمن ناکەم.

گووتی، مامە، کەشتیەکی جوان و باشم هەیە. دەڕۆم بۆ ئیست ئیندی- هندستان، مالایا، فیلیپین، بۆچی لەگەڵم نایەی؟ . بۆ جارێکی تر، لە ساڵی 1694 ڕۆیشتمەوە دەریا و گەلێ سەرکێشی ترم هەبوو. لەوانەیە ڕۆژێك، بتوانم کتێبێکی تر دەربارەی بنووسم..... **کۆتایی**.

**نووسەر:**

دانێڵ دیفۆ، نووسەر و بازرگان و ڕۆژنامە نووس و پەرتووك نووسی ئینگلیز بوو، کاری سیخوڕی کردووە . لەساڵی 1660 لە لەندەن لە دایك بووە، هەر لە لەندن لەساڵی 1731 کۆچی دواییکردوە. لە 1719/4/25 چیرۆکی ڕۆبنسن کرۆسۆی لە چاپخانەی ولیام تەیلەر لە بەریتانیا بە چاپ گەیاندوە و بلاۆی کردۆتەوە. چیرۆکی ڕۆبنسن کرۆسۆ دانراوە بەدووەم کتێب دوای ئینجیل بۆ زۆری بلاۆ بوونەوەی لە هەموو جیهان. وەرگێر لە ماوەی نۆ ڕۆژدا، لە نێوان 2022/8/1 تاوەکوو 2022/8/9 لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

**وەرگێڕ:**

پ.ی.د. محەمەد عەزیز سەعید

بەشی زانستی گشتی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

لە 1953/9/27 لە شاری قەلادزێ لە دایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی هەر لە قەلادزێ تەواو کردووە.

لە 1977/6/26 بە پلەی یەکەم بەشی فیزیا/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردوە، وەزیری خوێندنی بالا خەلاتی سەرۆککۆماری پێبەخشیوە.

لە 1980/12/12 بڕوانامەی ماستەری لە بواری کەشناسی لە زانکۆی بەرمەنگهام لە ولاتی بەریتانیا بە دەست هێناوە.

لە 2001/8/25 بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری گەردووونناسی لە بەشی گەردوون/ کۆلێژی زانست/ زانکۆی بەغداد وەدەست هێناوە.

**بەرهەمەکانی:**

دەیان بابەتی زانستی و وێژەیی لە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری زانکۆ پرێس بلاۆ کردۆتەوە.

لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن، 22 کورتە چیرۆك لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی. کانوونی دووەم 2022.

باڵە تێکشکاوەکان... ڕۆمان ، نووسینی جبران خلیل جبران، لە ئینگلیزیەوە کردویە بە کوردی. تەموز 2022.

مۆبایل: 07504622954

ئیمێڵ: mohammed.aziz@su.edu.krd

# Robinson Crusoe -- A Novel

**By**

**Daniel Defoe**



**Translated from English into Kurdish by**

**Assistant Professor Dr. Mohammed Azeez Saeed**

**College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil**

**Erbil - August 2022**